

گەشاوە جاف

## خراپ خەوتنی منداڵان بەهۆی تەلەفزیۆنەوە

وەرگێڕ/ گەشاوە جاف

*ئەمستردام* – پێش خەوتن تۆزێک سەیری تەلەفزیۆن ئەکەن. زۆربەی منداڵان لەبەر ئەوهۆیە بەئاستێکی بەرچاو خراپ دەخەون ،لە تازەترین لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شەسەدوحەڤدەمنداڵ لە نێوان تەمەنی سێ بۆ پێنج ساڵ بەشداریان کردوە .لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی لە دوای کاتژمێر حەوتی ئێوارەوە هێشتا سەیری تەلفزیۆن دەکەن ،خەویان زۆر خراپترە لەوانەی کە لە دوای ئەو کاتژمێرەوە سەیری تەلەفزیۆنیان نەکردوە .بۆئەوانەی کە سەیری بەرنامەی شەڕەنگێزیانکردبێت زۆر خراپترە.

دایکی منداڵێک ووتی "لەبەر ئەوەی منداڵان مێشکیان لە شەودا زیاتر کاردەکات ئەوی لە ڕۆژدا دەیبینن لە شەودا کاردنەوەی دەبیت . بۆ نموونە ئەگەر من شەوان فیلمێک بە منداڵەکانم نیشان بدەم پێش کاتی خەویان هەست ئەکەم کە ئەو شەوە مندالەکانم باش ناخەون."

ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ تەندروستی منداڵان ئەڵێت کەمنداڵانی خوار تەمەن دووساڵ لە راستی دا نابێت سەیری تەلەفزیۆن بکەن هەروەها ئەومنداڵانەی کە تەمەنیان گەروەترە لەدوو ساڵ دەبێت لە ڕۆژێکدا دووکاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن بکەن . هەروەها نابێت تەلەفزیۆن لەژووری نوستنی منداڵداهەبێت جونکە منداڵ ناتوانیت خەوێکی ئارامی هەبێت.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی ڤراوی هۆڵەندیەوە وەرگێڕاوە

لەندەن /30.04.2012